# پێغەمبەر سلێمان

پاشایان ٢ — ١٠ و زەبوورەکان ٧٢

ئەگەر خودا بۆت دەرکەوێ و پێت بڵێ، (هەرچیت دەوێت داوا بکە، و من پێت دەدەم.) ئەو کاتە چی هەڵدەبژێری؟ ژیانێکی درێژ؟ یاخود سەروەت و سامانێکی زۆر؟ یان ناوبانگ؟ یان شتێکی تر؟ ڕۆژێك خودا بۆ سلێمانی کوڕی داود لە خەودا بەدەرکەوت و پێی فەرموو، (داوا بکە هەرچیت دەوێ من دەدەمێ.) دەزانی سلێمان چی هەڵبژارد؟ ئەمڕۆ دەخوێنین چۆن وەڵامی خودای دایەوە.

لەو شەش وانەی ڕابردوو، سەرنجی چیرۆکی پێغەمبەری خودا داودمان دەدا. لە هەندێك لەو گۆرانییانەی کەوا لە سیپارەی زەبوورەکان نووسیبوی. لە وانەی ڕابردووماندا بینیمان چۆن داود پێشبینی کرد چۆن نەوەکانی ئادەم مەسیح دەکوژن بەکون کردنی دەست و پێی. داود هەروەها پێشبینی کرد کە خودا مەسیح هەڵدەستێنێتەوە لە مردن. ئەمڕۆ پلانمان وایە چیرۆکی داود بەجێ بێڵین و بچینە لای چیرۆکی سلێمانی کوڕی.

لەیەکەم سیپارەی پاشایان، بەشی دوو نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ پاشایان ٢) ١ ئینجا ڕۆژانی داود نزیک بۆوە لە مردن و داود
سلێمانی کوڕی ڕاسپارد و وتی: ٢ (من بەو ڕێگایەدا دەڕۆم کە هەموو زەوی پێیدا دەڕوات، جا بەهێزبە و ببە بە پیاو. ٣ ئەوەی
پێویستە بۆ پەروەردگار خودات بپارێزرێت، بیپارێزە، بەوەی بە ڕێگاکانی ئەودا بڕۆیت،... وەک چۆن لە تەوراتی موسادا نووسراوە، بۆ
ئەوەی لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەیت و ڕووت لە هەر کوێیەک کرد سەرکەوتوو بیت. ١٠ ئینجا داود لەگەڵ باوباپیرانیدا سەری
نایەوە و لە شاری داوددا نێژرا. ١١ ئەو ڕۆژانەش داود پاشایەتی بەسەر ئیسرائیلەوە کرد چل ساڵ بوو، لە حەبرۆن حەوت ساڵ پاشایەتی
کرد و لە ئۆرشەلیمیش سی و سێ ساڵ پاشایەتی کرد. ١٢ ئینجا سلێمان لەسەر تەختەکەی داودی باوکی دانیشت و پاشایەتییەکەی بە
توندی ڕەگی داکوتا.

(١ پاشایان ٣) ٣ سلێمانیش پەروەردکاری خۆشویست بەوەی بەپێی فەرزەکانی داودی باوکی ڕۆیشت... پەروەردکار لە خەوی شەودا
بۆ سلێمان دەرکەوت و خودا پێی فەرموو: (داوا بکە چیت پێ بدەم؟)

٦ سلێمانیش وتی: (ئەی پەروەردکار خوداکەم، تۆ خزمەتکارەکەت کردووە بە پاشا لە جێی داودی باوکم، منیش مێردمنداڵێکی بچووکم
و هاتنەدەرەوە و چوونەژوورەوە نازانم. ٨ خزمەتکارەکەشت لەنێو گەلەکەت دایە ئەوەی هەڵتبژاردووە و ئەو گەلەش گەلێکی زۆرن و لە
زۆریدا لە ژماردن نایەن. ٩ جا دڵێکی تێگەیشتووم پێ بدە تا حوکمی گەلەکەت بکەم، بۆ ئەوەی جیاوازی بکەم لەنێوان چاکە و
خراپە، چونکە کێ دەتوانێت حوکمی ئەم گەلە گەورەیەت بکات؟)

١٠ ئەم قسەیە باش بوو لای پەروەردکار، کە سلێمان داوای ئەم شتەی کرد. ١١ ئینجا خودا پێی فەرموو: (لەبەر ئەوەی داوای ئەم
شتەت کرد و داوای ڕۆژگاری زۆر و داوای دەوڵەمەندیت نەکرد بۆ خۆت و داوای گیانی دوژمنەکانت نەکرد، بەڵکو داوای
لێکجیاکردنەوەت کرد بۆ تێگەیشتنی دادوەری، ١٢ ئەوەتا من بەپێی قسەکەی تۆ دەکەم. ئەوەتا دڵێکی وا دانات پێ دەدەم شت
لێکجیا بکاتەوە کە کەس لەمەوبەر وەک تۆ نەبووبێت و لە داهاتووشدا کەسێکی وەک تۆ هەڵناکەوێت. ١٣ هەروەها ئەوەی داواشت
نەکردبوو دام پێت، دەوڵەمەندی و ڕێز کە هیچ پیاوێک نەبێت لەناو پاشایان وەک تۆ بە درێژایی ڕۆژانت. ١٤ جا ئەگەر بە ڕێگای
مندا بڕۆیت بەوەی فەرزەکانم و فەرمانەکانم بپارێزیت وەک داودی باوکت، درێژە بە ڕۆژگارت دەدەم.) ١٥ کە سلێمان هەڵستا، زانی
خەوە، جا هات بۆ ئۆرشەلیم و لەبەردەم سندوقی پەیمانی پەروەردکاردا ڕاوەستا و قوربانیسووتاندنی سەرخست و قوربانیهاوبەشیی
پێشکەش کرد و خوانێکی بۆ هەموو خزمەتکارەکانی ساز کرد.

١٦ لەو کاتەدا دوو ژنی داوێن پیس هاتن بۆ لای پاشا و لەبەردەمیدا ڕاوەستان. ١٧ یەکێک لە ژنەکان وتی: (گوێ بگرە گەورەم، من

و ئەم ژنە لە یەک ماڵدا دەژین و لەگەڵ ئەودا منداڵم بوو لە ماڵەکە. ١٨ ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەمی لەدایکبوونی منداڵەکەمدا ئەم ژنەش منداڵێکی بوو، هەردووکمان بە تەنها بووین و هیچ کەسێکی دیکەمان لەگەڵ نەبوو لە ماڵەکە، تەنها هەردووکمان لە ماڵەکەدا بووین.

١٩ لە شەودا کوڕەکەی ئەم ژنە مرد لەبەر ئەوەی پاڵکەوت بەسەریدا. ٢٠ ئینجا لە نیوەی شەودا هەڵستا و کوڕەکەمی لە تەنیشتمەوە برد و کەنیزەکەشت نووستبوو. ئینجا کوڕەکەمی کردە باوەشی و کوڕە مردووەکەشی لە باوەش من دانا. ٢١ بۆ بەیانی کە لەخەو هەڵستام تا شیر بە کوڕەکەم بدەم تەماشام کرد مردووە! بەڵام کاتێک لێی وردبوومەوە تەماشام کرد ئەوە ئەو کوڕە نییە کە من بوومە.)

٢٢ ژنەکەی دیکەیان وتی: (نەخێر! زیندووەکە کوڕی منە و مردووەکەش هی تۆیە!)

ئەمەشیان دەیووت: (نەخێر! مردووەکە هی تۆیە و زیندووکە هی منە!) بەم شێوەیە لەبەردەم پاشادا قسەیان کرد.

٢٣ پاشاش {سلێمان} وتی: (ئەمیان دەڵێت "ئەمە کوڕەکەی منە زیندووە و کوڕەکەی تۆ مردووە،" ئەویشیان دەڵێت "نەخێر! چونکە کوڕەکەی تۆ مردووە و کوڕەکەی من زیندووە!)

٢٤ ئینجا پاشا وتی: (شمشێرێکم بۆ بهێنن.) ئەوانیش شمشێرێکیان بۆ پاشا هێنا. ٢٥ پاشا وتی: (منداڵە زیندووەکە بکەن بە دوو کەرتەوە و نیوەی بدەن بە یەکێکیان و نیوەشی بدەن بەوی دیکەیان.)

٢٦ جا ئەو ژنەیان کە کوڕەکەی زیندوو بوو بە پاشای وت، چونکە هەناوی بۆ کوڕەکەی سووتا، وتی: (گوێ بگرە گەورەم، منداڵە زیندووەکەی بدەنێ و مەیکوژن!)

بەڵام ئەوی دیکەیان وتی: (نە بۆ من دەبێت و نە بۆ تۆ، بیکەن بە دوو کەرتەوە!)

٢٧ ئینجا پاشا وەڵامی دایەوە و وتی: (کوڕە زیندووەکەی بدەنێ ژنی یەکەم و مەیکوژن، ئەوە دایکییەتی.)

٢٨ جا کە هەموو ئیسرائیل ئەو حوکمەیان بیستەوە کە پاشا حوکمی پێ دا، لە پاشا ترسان، چونکە بینییان دانایی خودا لەناوی بوو بۆ پەیڕەوکردنی دادپەروەری.

(١ پاشایان ٤) ٢٩ خودا دانایی و تێگەیشتنێکی زۆر زۆری دا بە سلێمان، هەروەها مێشکێکی فراوان وەک ئەو لمەی لەسەر کەناری دەریایە. ٣٠ جا دانایی سلێمان زیاتر بوو لە دانایی هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەموو دانایی میسر. ٣١ لە هەموو خەڵک داناتر بوو... ناویشی دایەوە لەنێو هەموو گەلانی دەوروبەری. ٣٢ سێ هەزار پەندی وت و سروودەکانی بوون بە هەزار و پێنج. ٣٤ لە هەموو گەلانیشەوە دەهاتن بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان، لەلای هەموو پاشایانی زەوییەوە ئەوانەی کە دەربارەی داناییەکەی بیستبوویان.

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان تۆمار دەکات کەئەو کات شاژنێك هەبوو، شاژنی شەبا، کەوا گوێی لە دانایی بنچینەیی و مەزنی تەختی سلێمان بووبوو. ئەو شاژنە پلانی دانا بچێت بۆ قودس بۆ سەردانی سلێمان، تاکو بزانی ئەو شتانەی بیستوویەتی دەربارەی سلێمان ڕاستن یان نا. ئەم شاژنە لە خاکێك دەژیا کەزۆر لە قودس دوور بوو، لە خاکی شەبا کە دەکەوێتە باشووری سعودیە. وڵاتی شەبا ئەمڕۆ بە یەمەن دەناسرێ. لەنێوان ئەو وڵاتە و قودس ماوەی نزیکەی دوو هەزار کیلۆمەتر ئەبێت. بەڵام ئەو ماوە مەزنە وای نەکرد شاژنی شەبا پەشیمان بێتەوە لە سەفەرکردنی بۆ سەردانی سلێمان. لە بەشی دەیەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ پاشایان ١٠)
١ کاتێک شاژنی شەبا دەربارەی ناوبانگی سلێمانی بیست بەهۆی ناوی پەروەردگارەوە، هات تا بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە. ٢ بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، حوشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، گەیشتە ئۆرشەلیم. جا هات بۆ لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵیدا بوو قسەی لەگەڵ کرد. ٣ سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە و هیچ شتێکیش لە

پاشا شاراوە نەبوو وەڵامی نەداتەوە. [٤] کاتێک شاژنی شەبا هەموو دانایی سلێمان و ئەو کۆشکەی بینی کەوا بنیادی نابوو، [٥] هەروەها خواردنی سەر خوانەکەیی و هەمەجۆری دەستوپێوەندەکانی و ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان و ساقییەکانی و ڕێگای چوونەژوورەوەی کە پێیدا سەردەکەوت بۆ پەرستگای پەروەردکار بینی، واقیوڕما. [٦] بە پاشای وت: (ڕاستە ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا بیستم لەبارەی کاروبار و داناییەکەت. [٧] بڕوام بەو هەواڵانە نەکرد تا نەهاتم و بە چاوی خۆم نەمبینی و ئەوەتا نیوەیشیم پێڕانەگەیەنراوە، لە دانایی و چاکیدا زیاتر بوویت لەو هەواڵەی کە بیستبووم. [٨] خۆزگە دەخوازرێت بە پیاوەکانت، خۆزگە دەخوازرێت بە خزمەتکارەکانت، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت ڕاوەستاون و داناییەکەت دەبیستن. [٩] ستایش بۆ پەروەردکار خوداکەت ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەختی ئیسرائیل دایناوویت، چونکە پەروەردکار تاهەتایە ئیسرائیلی خۆشویستووە و تۆی کردووە بە پاشا تا دادوەری و ڕاستودروستی پیادە بکەیت.)

تا ئێرە و دەبێ ڕاوەستین لە خوێندنەوەمان ئەمڕۆ. بەڵام ئەوەی ووشەی خودا دەیڵێ سەبارەت بە شاژنی شەبا لێرە تەواو نابێت. نزیکەی هەزار ساڵ لەپاش ئەو کاتە، مەسیح شتێکی فەرموو سەبارەت بە شاژنی شەبا و سلێمانی پاشا. فەرمووی، (لە لێپرسینەوەدا شاژنی باشوور لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گرنگتر لێرەیە.) (مەتا ١٢: ٤٢)

مەسیح چی فەرمووی؟ شاژنی شەبا هەرچی لە دەسەڵاتدا هەبوو کردی بۆ ئەوەی شکۆمەندی سلێمان بدۆزێتەوە و گوێ لە دانایی ڕابگرێ. تەنانەت چوار هەزار کیلۆمەتر سەفەری کرد چوون و هاتن تاکو بزانێ ئەو شتانەی گوێی لێ بووە ڕاستییە! پەندێکی گرنگە هەیە لێرەدا. مەسیح، ئەوەی لە ئاسمانەوە هات، شکۆمەندی و دانایی و زانایی و دەسەڵات زۆر لە سلێمان زیاتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی نەوەکانی ئادەم شکۆمەندییەکەی ناناسن، و ناشیانەوەی وورد بنەوە لە مەسەلەکە تاکو ڕاستی بزانن! لەبەر ئەوە بوو مەسیح فەرمووی: (لە لێپرسینەوەدا شاژنی باشوور لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گرنگتر لێرەیە.) (مەتا ١٢: ٤٢)

شکۆمەندی مەسیح کەوا خودا ناردی دەناسی؟ یاخود ئەو لە هەمان ئاست دادەنەین لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تر؟ لە بیرتە ناونیشانی مەسیح مانای چییە؟ بەڵێ، مانای (ئەوەی خودا هەڵبژارد). مەسیح ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا و تاکو ئەمڕۆ، زۆربەی خەڵك مەسیح پشت گوێ دەخەن. نازانن ئەو کێیە، لەبەر ئەوەی ئەوان هەرگیز بۆی نەگەڕاون لە نووسراوەکانی پێغەمبەران.

پێویستە بزانیت کە سلێمانی پاشا سێ سیپارەی سەرنج ڕاکێش و بنچینەیی نووسیوە کەوا بەشێکن لە نووسراوە پیرۆزەکان. ئەو سیپارانەش ئەمانەن: ***پەندەکانی حەزرەتی سلێمان*** و ***کۆمکار*** و ***گۆرانی گۆرانییەکان***. وەك داودی باوکی، سلێمانیش هەندێك گۆرانی ڕۆحی نووسی کەوا بەشێکن لە زەبوورەکان. بۆ کۆتایی هێنان بە وانەی ئەمڕۆمان، حەز دەکەین بەشی حەفتا و دوو بخوێنینەوە کەوا پێغەمبەر سلێمان لە زەبوورەکان نووسی. لەم گۆرانی ڕۆحییە، سلێمان پێشبینی کرد کە مەسیح ڕۆژێك دێتەوە سەر زەوی تاکو مروڤ دادوەری بکات لە ڕاستودرووستی. با بخوێندین سلێمانی پاشا نووسیویەتی سەبارەت بە تەواوترین پاشا کەوا لە دانایی و شکۆمەندی بە پێش ئەو کەوت.


سەبارەت بە مەسیح، سلێمان نووسی: (زەبوورەکان ٧٢) [٢] بە ڕاستودروستی حوکمی گەلەکەت دەکات، بە دادپەروەریش هەژارەکانت. [٨] لە دەریاوە تا... تا ئەو پەڕی زەوی حوکمی دەڕوات. [٩] بیابانییەکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و ناحەزانی تۆز دەلێسنەوە. [١٠] ... پاشاکانی شەبا و سەبا دیاری بۆ دێنن. [١١] هەموو پاشاکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و هەموو نەتەوەکان دەیپەرستن. [١٥] دەژییێت... [١٧] ناوی دەبێت تاهەتایە، ناوی بەردەوام دەبێت تا خۆر مابێت. با خەڵک لەوەوە بەرەکەتدار دەبن، هەموو

نەتەوەکان خۆزگەی پێدەخوازن. [١٨] ستایش بۆ پەروەردکار خودا، خودای ئیسرائیل، بە تەنیا ئەوە شتی سەرسوڕهێنەر دەکات، [١٩] ستایش بۆ ناوی شکۆداری تاهەتایە، با شکۆمەندیەکەی هەموو جیهان پڕ بکات. ئامین و ئامین.

سلێمانی پاشا پێشبینی کرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو خەڵکی جیهان مل کەچی مەسیح دەبن، پاشای پاشایان و دادوەری هەموو جیهان! بێ گومان، ئەوەی خودا لە هەموومانی دەوێ ئەوەیە ئەمڕۆ مل کەچی بین! ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆ بەڕاستی مل کەچی خودای؟ شکۆمەندی و دەسەلاتی مەسیح دەناسی کەوا خودا ناردی و دووبارەش دەینێرێتەوە؟ یاخود تۆ لە هەمان ئاستی دادەنەی لەگەڵ پێغەمبەران؟ ئەگەر ماوە وەرگری و سەرنجی نووسینەکانی پێغەمبەرەکان بدەی، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە مەسیح ڕزگاری دەر و دادوەری جیهانە، ئەوەی کە هەموو پێغەمبەران گەواهی بۆ دەدەن. ئەمە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنن کاتێ دەفەرموێ: (هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ {مەسیح} دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت... باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرادری نێردراوان ١٠: ٤٣ و ٢٦: ٢٨)

بۆ وانەی داهاتوو دیراسەتمان دەربارەی پێغەمبەری خودا ئەلیاس دەبێت کەوا لە ئاسمانەوە ئاگری هێنایە خوارەوە.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ئەوەی مەسیح ڕایگەیاند کاتێ فەرمووی، (لە لێپرسینەوەدا شاژنی باشوور لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گرنگتر لێرەیە.) (مەتا ١٢: ٤٢)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئەگەر خودا بۆت دەرکەوێ و پێت بڵێ، (هەرچیت دەوێت داوا بکە، و من پێت دەدەم.) ئەو کاتە چی هەڵدەبژێری؟ ژیانێکی درێژ؟ یاخود سەروەت و سامانێکی زۆر؟ یان ناوبانگ؟ یان شتێکی تر؟

٢. دەزانی سلێمان چی هەڵبژارد؟

٣. مەسیح چی فەرمووی؟ شکۆمەندی مەسیح کەوا خودا ناردی دەناسی؟

٤. یاخود ئەو لە هەمان ئاست دادەنەین لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تر؟

٥. لە بیرتە ناونیشانی مەسیح مانای چییە؟

٦. ئایا تۆ بەڕاستی مل کەچی خودای؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org